**کۆلیژی زمان**
**بەشی کوردی**
**قۆناغی سێیەم**
**رستەسازی تیۆری**

# رستە ئاڵۆز

**د.ریژنە سیف الدین حسن**

يرير-يريرير

Rezhna.hasan@su.edu.krd

## سم- رستەی ئاڵۆز ( رستەی تێکەڵ، رستەی ئاوێتە ) :

ئەو جۆرە رستانەن کە لە دوو رستە یان زیاتر پێکدێت ، بە هۆی ئامرازی گەیەنەرەوە لێکدەدرێن ، یەکێك لە رستەکان رستەی سەرەکیە کە خاوەنی واتای سەربەخۆیە و بەتەنها واتا دەبەخشێت، پێی دەوترێ شارستە ، ئەوی تریان پێی دەوترێت پارستە ( لارستە ، رستەی دیارخەر، رستەی شوێنکەوتوو ) ، کە رستەیەکی ناسەرەکیە ،بەتەنها واتا نابەخشێت واتاکەی بەندە بە واتای شارستەکەوە، رۆڵی دیارخەر دەبینێت و ئامرازەکەش دەچێتە پاڵ پارستە.

-ئامانج کە قوتابیەکی زیرەکە ، ئەمرۆ نەهاتبوو.

شارستە : ئامانج ئەمرۆ نەهاتبوو.

پارستە : کە قوتابیەکی زیرەکە.

پارستە رستەیەکی دیارخەرییە واتە کەرسەیەك لە کەرەسەکانی شارستە
ڕووندەکاتەوە ،بەمەش پارستە چەند جۆرێکی لیّ دەستنیشاندەکرێت ، لەوانە :
یەکەم : پارستەی ناوی
دووەم : پارستەی کاری .
سێیەم : پارستەی ئاوەڵناوی.
چوارەم : پارستەی ئاوەڵکاری.
یەکەم : پارستەی ناوی : ئەم جۆرە پارستەیەیە کە ناوێك لە ناوەکانی ناو شارستە ڕووندەکاتەوە ، بەگوێرەی ئەرکی ناوەکە جۆرەکەی دیاریدەکرێت، بۆ :
أ- پارستەی دیارخەری بکەری : لەم جۆرە پارستەیە ئەو ناوە ڕووندەکاتەوە کە لە شارستەکە ئەرکی بکەری هەیە،
-ژیار کە دراوسێمان بوو ، هاتبوو.
لەم رستەیە ( شارستە : ژیار هاتبوو ) ( پارستە : کە دراوسێمان بوو ). پارستەکە بۆتە دیارخەری ناوی ( ژیار ) کە بکەری شارستەکەیە.

## ب- پارستەی دیارخەری بەرکاری راستەوخۆ:

ئەم جۆرە پارستەیە ئەو ناوەی کە روونی دەکاتەوە لەشارستەکەدا ئەرکی بەرکاری راستەوخۆی هەیە.

- من نەسرینم بینی ،کە جاران لە پۆلەکەماندابوو.

شارستە : من ئەوم بینی .

پارستە : کە جاران لە پۆلەکەماندابوو.

ئەم پارستەیە ناوی ( نەسرین ) روووندەکاتەوە کە بەرکاری راستەوخۆیە.

## ج- پارستەی دیارخەری بەرکاری ناراستەوخۆ:

ئەم جۆرە پارستەیە ئەو ناوە روووندەکاتەوە کە لە شارستەکە ئەرکی بەرکاری ناراستەوخۆیە .

- من بە ئۆتۆمبیلەکەم هاتم ، کە تازە کرییووم.

لەم رستەیەدا پارستەی( کە تازە کرییووم ) وەسفی ئۆتۆمبیل دەکات کە بەرکاری ناراستەوخۆیە لە شارستەکە.

## د- پارستەی دیارخەری نیهاد :

ئەم جۆرە پارستەیە ئەو ناوەی روونیدەکاتەوە لەشارستەکە ئەرکی نیهاد دەبینێت.

ئاری کە کەسێکی دڵسۆزە ، مامۆستایە.

پارستەی ئەم رستەیە ( کە کەسێکی دڵسۆزە ) ناوی ( ئاری ) روونکردۆتەوە کە نیهادی شارستەکەیە.

## دووەم : پارستەی کاری :

ئەم جۆرە پارستانە دەگرێتەوە کە کاری شارستەکە روونکاتەوە چەند جۆرێکی لێ دەستنیشان دەکرێت:

## أ- پارستەی کات :

ئەم جۆرە پارستەیە کاتی کاری شارستەکە نیشاندەدات.

-کە ئەو هات ، من لەوێ نەبووم .

پارستەی ( کە ئەو هات ) کاتی کاری شارستەکە روونکاتەوە ، کە چ کاتێك (من لەوێ نەبووم ) .

ب- پارستەی هۆ :
بەم جۆرە پارستانە دەوترێت کە هۆی ڕوودانی کاری شارستەکە ڕووندەکەنەوە ، زیاتر ئامرازەکانی ( چونکە ، لەبەرئەوەی ، .. هتد ) بەکاردێت.
-چونکە یەکناگرین ، سەرناکەوین.
پارستەی ( چونکە یەکناگرین ) هۆکارە بۆ ئەوەی ( سەرنەکەوین ).
-دەرناچین ، لەبەر ئەوەی باش ناخوێنین.
پارستەی ( لەبەر ئەوەی باش ناخوێنین ) هۆکارە بۆ ڕوودانی ( دەرنەچوون ).
ج- پارستەی ئەنجام : ئەم جۆرە پارستەیە کە ئەنجامی کاری شارستەکە ڕووندەکاتەوە ، ئامرازی ( بۆیە ) بەکاردێت.
-یەکناگرین ، بۆیە سەرناکەوین.
پارستەی ( بۆیە سەرناکەوین ) ئەنجامی ( یەکنەگرتنە ).

## د- پارستەی ئامانج :

ئەو جۆرە پارستەیە ، کە ئامانجی رووداني كاری شارستەکە رووندەکاتەوە .زیاتر ئامرازەکانی ( تا ، هەتا ، تاكو ، هەتاکو ، بۆ ئەوەی ، ....هتد ) بەکاردێت.

دەخوێنین ، تاکو سەرکەوین .

پارستەی ( تاکو سەرکەوین ) ئامانجی ( خوێندنە ) .

## ه- پارستەی مەرج :

ئەو جۆرە پارستانەن کە مەرجی رووودان و دیاردەی کاری شارستەکە رووندەکاتەوە ، ئامرازەکانی ( ئەگەر ، گەر ، ....هتد ) بەکاردێت.

-ئەگەر کۆشش بکەن ، سەردەکەون.

پارستەی ( ئەگەر کۆشش بکەن ) مەرجی ( سەرکەوتن )ە.

## و- پارستەی نیاز:

ئەو جۆرە پارستەیە ،کە نیاز و مەبەستی کاری شارستەکە ڕووندەکاتەوە زیاتر ئامرازی ( کە ) بەکاردێت.

-ئەو هاواری بۆت هێنا، کە یارمەتی بدەی.

پارستەی (کە یارمەتی بدەی ) نیاز و مەبەستی شارستەکە ( ئەو هاواری بۆت هێنا ) ڕووندەکاتەوە.

## ی- پارستەی پێوانە :

بەو پارستانە دەوترێت کە ڕادە و پێوانەی کاری شارستەکە ڕووندەکاتەوە ئامرازەکانی( کە ، تا ، هەتا، تاکو ، هەتاکو ) بەکاردێت.

-بە ڕادەیەك دڵخۆش بوو، ناشیرنیشی لا جوان بوو.

سم- پارستەی ئاوەڵناوی:

ئەو جۆرە پارستەیەیە کە روونکرنەوەو زانیاری ەربارەی ئاوەڵناوی
رستەکە دەدات وەك:

مندالە چاو شینەکە هات ،کە شینی چاوەکانی وەك ئاسمان بوو.

- پارستەی ئاوەڵکاری:

ئەو پارستانەن کە زانیاری دەربارەی ئاوەڵکاری شارستەکە دەدات.

ئەو دوێنی هات ، کە یەکی مانگ بوو.